# خەرتومی پایتەختی سودان لەلایەن سوپاوە کۆنتڕۆڵکرا

سوپای سودان کۆنترۆڵکردنی تەواوی خەرتومی پایتەخت و فڕۆکەخانەی خەرتووم راگەیاند

دوای ئەوەی سوپای سودان کۆنترۆڵی کۆشکی سەرکایەتی لە خەرتومی پایتەختی وەتەکی کرد، عەبدولفەتتاح بورهان، فەرماندەی گشتی سوپای سودان گەیشتە کۆشکی سەرکایەتی وەتەکە و رایگەیاند، خەرتوم ئێستا ئازادە و توانیویانە سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی بڕپڕچدانەوەی خەرا بدەستبهێنن.

ماوەی هەفتەیەکە ئاگرێکی گەورە لە کەریای باشوور کەوتووتەوە

هاوکات سوپای سودان لەچەند بەرەیەکەوە هێرشێکی بەرفراوانی بۆ سەر پێگەکانی هێزەکانی پشتیوانی خەرا لە خەرتوم دەستپێکرد، وتەبەژی و فەرماندە مەیدانییەکان کۆنترۆڵی زۆربەی شارەکەیان راگەیاند.

بەپێی زانیارییەکانیش، سوپا توانیویەتی کۆنترۆڵی فڕۆکەخانەی نوودووتی خەرتوم کە دەکەوێتە نزیک فەرماندەیی گشتی سوپا و بارەگای هێزەکانی پشتیوانی خەرا لە قەزای ریاز نزیك رۆژئاوای پردی مەنشیە و سەبا لەسەر روباری نیل کە خەرتوم و ناوچەی نیلی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی پایتەختی سودان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بکەن.